# پەیڕەوی ناوخۆی
# دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

## بەشی یەکەم
## ناسنامەی دامەزراوە

**مادەی یەکەم:**

**یەك**: ناوی دامەزراوە بەکوردی: **دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

**دوو**: ناوی دامەزراوە بە ئینگلیزی: **PAY Foundation for Education and Development**

**سێ**: ناوی دامەزراوە بە عەرەبی: **مؤسسة پەی للتربیة و التنمیة.**

**چوار**: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە کە لەم پەیرەوەدا هاتووە ماناکانی بەرامبەریانە:

١.دامەزراوە: دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان.

٢.پەی: ووشەیەکی کوردییە بۆ ناوی دامەزراوەکە بەکار دەهێنرێت و بەمانای پەی پێبردن (الادراک بالشئ) دێت.

**پێـــنج**: ئەدرێســی دامەزراوە: ئۆفیســی گشــتی لەپارێزگــای (ســلێمانی) دەبێــت، بــۆی هەیە بەپێــی پێویســت و رێکــارە یاساییەکان، ئۆفیس لە پارێزگا و ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عیراق و دەرەوە بکاتەوە.

**شەش**: لوگۆ:

PAY FOUNDATION
For Education & Development

لۆگۆکە لە سێ رەنگی سەوز و سپی و شین پێکهاتووە، دوو گەڵای سەوز لەشێوەی دوو دەست لە بەشی خوارەوە، لە بەشی سەرەوە بە ڕەنگی شین نیشانەی پرسیارێک هەیە و لە ناوەراستیدا بە رەنگی سپی پیتی (P) هاتوە کە تەعبیرە لە ناوی دامەزراوەکە (پەی) و لەهەمان کاتدا بە مانای (پەروەردە)ش دێت کە نیشانەی پرسیاری دەوورەدا کێشراوە.

**مادەی دووەم:**

**یەك: پێناســـــە:** (دامەزراوەی پەی بـۆ پەروەردە و گەشـــەپێدان)، دامەزراوەیەکـی زانســتیی کوردســـتانی، نــاحکومی ســەربەخۆی قــازانج نەویســتە، بەنیگـایەکی گەش بینـانە کاردەکات بۆ سـودی گشـتی لەپێنـاو فەرمـانڕەواییەکی پێگەیشـتوو (الحکم الرشـید) لە هەمـوو بـوار و ئاسـتەکاندا. کەسـایەتییەکی یاسـایی سـەربەخۆی هەیە، لەڕووی کـارگێری و داراییەوە بەپێی یاسا سەربەخۆیە.

**دوو: دەســـــتەواژەکان:** دامەزراوە بە نـــاوی (دامەزراوەی پەی بـــۆ پەروەردە و گەشـــەپێدان) دامەزراوە، بەو پێـــیەی رێکخراوێکـی نـاحکومی، قـازانج نەویسـتە لە هەرێمـی کوردسـتان- عێراق، بەپێی حوکمەکـانی یاسـای ژمـارە (١)ی سـاڵی (٢٠١١)ی پەرلەمانی کوردستانی تایبەت بە ڕێکخراوە ناحکومیەکان کاردەکات. ڕێکخراوەکە بە (pay) دەناسرێت.

**سێ: مەبەست:** دامەزراوە خوازیارە، لەڕێگەی توێژینەوەی زانستی و ستراتیژی، بەشدارییەکی درووست بکات لەپێناو باشترکردنی باری پەروەردەیی، یاسایی، تەندروستی، ئابووری و سەرجەم بوارە جیاجیاکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستان، تا هاوکارێکی راستەقینە و پردێک بێت بۆ بەستنەوەی کۆمەڵە مەدەنیەکان بەیەکتری بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵێکی مەدەنی، ئاسودەی، بەختەوەر لە هەرێمی کوردستان و عیراق.

**چوار: پرنسیپ و بەهاکان:**

١. پابەندبوون بە پەیماننامە و رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافی و مرۆڤ، بەتایبەتی لە بواری تۆێژینەوە و زانست و پەروەردە و فێرکردندا.

٢. پابەندبوون بە دیموکراسی و رێزگرتن لە سەروەری یاسا.

٣. کاری خۆبەخشی و هاوکاری مرۆیی و بەرژەوەندی گشتی.

٤. بێ لایەنی، بیرکردنەوەی زانستیانە و ئەکادیمیانە، شەفافیەت، سەربەخۆیی، راستگۆیی، لێبوردەیی و گیانی جیاوازی نەکردن.

٥. هاوکاری، هاوبەشی، دابینکردنی هەلی یەکسان، بالانسی ڕەگەزی، وەدەستهێنانی متمانەی سودمەندان، بەرپرسێیارێتی و پاراستنی تایبەتمەندێتی و نهێنییە کەسییەکان.

## بەشی دووەم

## ئامانجەکان و چۆنیەتی بەدیهێنانیان

**مادەی سێیەم:**

١. لەڕێگای تێڕوانین و توێژینەوە، خزمەتی پرۆسەی نیشتمانسازی و دەوڵەتسازی و گەشەپێدانی دیموکراسی و تۆکمەکردنی سیستەمی فەرمانڕەوایەتی هەرێمی کوردستان دەکات. لەو بوارەشدا لەگەڵ لایەنە حکومی و ڕێکخراوە ناحکومی و هاوبەش و لایەنەکانی تری کەرتی گشتی و تایبەتیدا هاوکاری دەکات.

٢.راهێنان و دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ ئەو توێژەر و ئەکادیمیست و پسپۆرانەی لەرێگەی تۆێژینەوەکانیان دەتوانن کاریگەری راستەوخۆیان بەسەر خۆشگوزەرانی و ئارامی ژیان و ئایندەیەکی گەشی هەرێمی کوردستان و عیراقدا هەبێت.

٣.بەرچاو ڕوونکردنی دامەزراوەکانی حکومرانی لە هەرێم بەتایبەتی و عێراق بەگشتی.

٤.چاودێریکردنی دامەزراوەکان لەپێناو گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی توانای حوکمڕانی لەهەرێمی کوردستان و عیراق.

٥.دروستکردنی گوشار لەسەر دەسەڵاتە گشتییەکانی هەرێم و عیراق، بۆ دەرکردن و جێبەجێکردنی یاسای گونجاوی تایبەت بە بوارەکانی حوکمڕانی.

٦.بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی مافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپە سەرەکییەکانی سیستەمی دیموکراسی.

## بەشی سێیەم

## پەیکەرەی دامەزراوە

**مادەی چوارەم:** پەیکەری دامەزراوە لەمانەی خوارەوە پێک دێت:

**یەك: دەستەی گشتی:** ئەم دەستەیە لە هەموو پەیکەری دامەزراوەکە پێک دێت کە بریتین لە (بۆردی ئەمینداریێتی، دەستەی کارگێڕی و ئەنجومەنی راوێژکاری و سەرجەم ئەندامان) ساڵی جارێک کۆبوونەوەی گشتی خۆی ئەنجام دەدات.

**دوو: بۆردی ئەمینداریێتی:** لە (٥) ئەندام کەمتر نەبێت و لە (٩) زیاتر نەبێت، و لەلایەن یەکێک لە ئەندامەکانییەوە سەرۆکایەتی دەکرێت. لە کاتی ئاساییدا شەش مانگ جارێک کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دەدات، هەر کاتێکی تریش ئەگەر پێویست بێت، لەسەر پێشنیاری سەرۆکی دامەزراوە، یا لەسەر داوای سەرۆکی بۆرد کۆدەبێتەوە.

**سێ: دەستەی کارگێڕی:** پێک دێت لە:

١.سەرۆکی دەستەی کارگێڕی: کە راستەوخۆ دەکاتە سەرۆکی دامەزراوە.

٢.بەڕێوەبەری پرۆژەکان.

٣.بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی.

٤.بەڕێوەبەری راگەیاندن.

٥.بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان

٦.بەڕێوەبەری یاسایی.

٧.هەر بوارێکی تر کە پێویست بێت، لە کۆبوونەوەی فراوانی دەستەی گشتیدا بڕیار لە کردنەوەی دەدرێت.

**چوار: ئەنجومەنی راوێژکاری:** ئەنجومەنێکی راوێژکارییە، لەچەند کەسایەتیەک پێک دێت کە لەلایەن دامەزراوەکەوە داوایان لێ دەکرێت بۆ ناردنی پرۆژەو تیبینیەکانیان لەلایەن ئەندامێکی بۆردی ئەمینداریێتییەوە سەرپەرشتی دەکرێت. بە پێی پێویست کۆبوونەوەی خۆیان لەسەر کار و چالاکییەکانی دامەزراوە ئەنجام دەدەن.

**پێنجەم:** جگە لەو بەشە ئیداریانەی بەرپرسیارن لە بەڕێوەبردنی کاروباری دامەزراوەکە، چەند ەشێکی تر هەن، کە هەریەکەیان یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی دامەزراوەکە لە ئەستۆ دەگرێت، کە پێکدێن لە: (گەشەپێدانی بەردەوام)، (پەروەردە و خوێندنی باڵا) و (توێژینەوەی ئەکادیمی).

**مادەی پێنجەم:** ئەرک و دەسەڵاتەکان:

**یەك : ئەرك و دەسەڵاتەكانی دەستەی گشتی:**

١.بەستنی کۆنفرانس یان دواخستنی لەبەر هەر هۆیەک، لە دەسەڵاتی (٣/٢)ی دەستەی گشتی دەبێت.

٢.گۆڕانکاری ریشەیی لە پەیڕەو پرۆگرام.

٣.دەستەی کارگێڕی هەڵدەبژێریت.

٤.هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە یان چونەپاڵ دامەزراوەیەک یان ڕێکخراوێکی تر بە دەنگی ٣/٢ ئەندامانی دەستەی گشتی دەبێت.

**دوو: ئەرك و دەسەڵاتەکانی بۆردی ئەمینداریتی:**

١.دارشتنی پلانی ساڵانە و پەسەندکردنی بودجەی ساڵانەی دامەزراوە.

٢.چاودێریکردنی ئیش و کار و چالاکییەکانی دامەزراوە.

٣.پێداچونەوەو هەڵسەنگاندنی کارو چالاکی دامەزراوە لە ماوەی ساڵی رابردوو.

٤.بە ٣/٢ ی دەنگەکان بۆی هەیە لیژنە پێکبهێنێ بۆ هەر گرفتێکی ناوخۆی ڕێکخراو.

٥.بۆی هەیە لێپێچینەوە لەگەڵ گشت ئەندامان و دەستەی کارگێڕی بکات.

**سێ: ئەرك و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دامەزراوە:**

١.بەڕێوەبەری دەستەی کارگێڕییە.

٢.نوێنەرایەتی دامەزراوە دەکات لەبەردەم گشت دەزگا رەسمی و نا رەسمییەکان.

٣.سەرپەرشتی کۆبونەوەی دەستەی گشتی و دەستەی کارگێڕی دەکات.

٤.واژوو لەسەر نوسراوەکانی دامەزراوە دەکات.

**چوار: ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەستەی کارگێڕی:** لەکاتی ئاساییدا سێ مانگ جارێک کۆبوونەوەی خۆیان لەسەر کار و چالاکییەکانی دامەزراوە ئەنجام دەدەن، بریار لەسەر بابەتە کارگێڕییەکانی کاری ڕێکخراوەیی دەدات و دەسەڵاتی گۆڕانکاریی لاوەکی هەیە لە پەیرەوەی ناوخۆدا، پێک دێت لەمانە:

**١.بەڕێوەبەری دەستەی کارگێڕی:** لە برگەی (سێ)ی سەرەوە ئەرک و دەسەڵاتەکانی دەستنیشان کراون.

**٢.بەرێوەبەری پرۆژەکان :**

أ.چالاکییەکانی ڕێکخراو لە لایەن بەڕێوەبەری پرۆژەکانەوە جێ بەجێ دەکرێت.

ب.هەوڵ دەدات بە پێی پێویست پرۆژەی پێشنیارکراو ئامادەبکات کە تەبا بێت لەگەڵ ئامانجەکانی ڕێکخراو.

ج.ئەرکی نوسینەوەی پرۆپۆزەل بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان لە ئەستۆ دەگرێت.

**٣.بەرێوەبەری کارگێڕی و دارایی:**

أ.پێویستە هەموو تۆمارێکی ڕێکخراو ئامادە بکات پارێزگاریان لێ بکات.

ب.دەسەلاتی هەر خەرجیەکی دەبێت بەڵام بە رەزامەندی بەڕێوەبەری جێ بەجێکردن.

ت.بە هاوکاری لەگەلا بەڕێوەبەری جێ بەجێ کردن ژمارەیەکی بانکی دەکەنەوە توانای ڕاکێشانی پارەیان دەبێت.

پ.کۆنووسی هەموو کۆبونەوەیەک لە ئەستۆی ئەو دەبێت.

ج.هەموو نووسراوێکی فەرمی لای ئەو هەڵدەگیرێت.

**٤.بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن:**

أ.بەرپرسیارە لە بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی چالاکییەکانی دامەزراوەکە.

ب.هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن.

ت.بەڕێوەبردنی ماڵپەڕ و سۆشیال میدیا و دەرکردنی بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری.

**٥.بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان:**

أ.بەرپرسە لە ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراو و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

ب. گەڕان و دۆزینەوەی پاڵپشتی دارایی لە ئەستۆدایە بە هاوکاری بەڕێوەبەری پرۆژەکان.

**٦.بەڕێوەبەری بەشی یاسایی:**

أ.ئەرکە یاساییەکانی دامەزراوەکە لە ئەستۆ دەگرێت.

ب.سەرپەرشتی ئەو پڕۆژانە دەکات کە سروشتی یاساییان هەیە کە دامەزراوەکە جێبەجێیان دەکات.

**پێنج: ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی راوێژکاری:**

١. مافی ئەوەی دەبێت تێبینی زانستییانە بدات لەسەر هەموو بڵاوکراوەکان و چالاکییەکان.

٢. مافی ئەوەی دەبێت پڕۆژەی پێشنیارکراو بدات بە ئەنجومەنی بەڕێوەبردن.

٣. لە هەموو پڕۆژەکانی ڕێکخراو دەکرێت وەکو ستافی جێبەجێکار سوودیان لێ وەربگیرێت.

٤. پێش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەر پڕۆژەیەک پێویستە راوێژ بەو دەستەیە بکرێت.

## بەشی چوارەم
## داهاتی دامەزراوە

**مادەی شەشەم:**

**یەکەم : داهاتی دامەزراوە و ژمێریاری:**

١.هاوکاری، یان بەخشیشی ئۆرگان و دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان بۆ دامەزراوە.

٢.داهاتی چالاکییەکان.

٣.هاوکاری و بەخشیشی کەسانی کۆمەک بەخش.

٤.ئابۆنەی ساڵانەی ئەندامانی دەستەی گشتی.

**دووەم: چاودێری و ژمێریاری:**

١.سەرجەم داهاتەکانی دامەزراوە لە ڕێگەی ئەو ئەژمارە بانکییەوە دەبێ کە بەناوی دامەزراوەکە کراوەتەوە.

٢.لە ڕێی بودجەی ساڵانەوە بەگوێرەی سیستەمی ژمێریاری پەیڕەوکراو لەهەرێمدا دارایی خۆی بەڕێوە دەبات.

٣.دامەزراوە ڕاپۆرتی ساڵانەی دارایی خۆی پێشکەش بەفەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەکات و لەلایەن دیوانی

چاودێری دارایی لە هەرێمدا ووردبینی بۆ دەکرێت.

٤.سەبارەت بەو پرۆژانەی حکومەتی هەرێم پشتیوانیان دەکات، پێویستە دامەزراوە راپۆرتێکی وورد دەربارەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی پرۆژەکە پێشکەش بەفەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان بکات و پابەندبێت بەتەواوی مەرجەکانی گرێبەستەکە.

## بەشی پێنجەم

## تۆمارەکانی دامەزراوە

**مادەی حەوتەم:** تۆمارەکانی دامەزراوە پێکدێن لە:

یەکەم: ئەو تۆمارانەی کە دەبێت دامەزراوە هەیبێت و لەلایەن دادنووسیش تۆمارکرابن، پێک دێن لە:

١.تۆماری ئەندامان: ئەم زانیاریانە لەخۆبگرێت (ناو، ناونیشان، تەمەن، رەگەز، پلەی خوێندن).

٢.تۆماری ژمێریاری: داهات و خەرجییەکانی دامەزراوە تیادا تۆمارکرابێت.

٣.تۆماری بنەرەتی (تۆماری هەبووەکان): هەموو سامانی گوازاوە و نەگوازراوەی دامەزراوە تیادا تۆمارکرابێت.

٤.تۆماری بریارەکان: سەرجەم بریارەکانی دەستەی کارگێری تیادا تۆمار کراوە،

دووەم: تۆماری تری دامەزراوە کە بۆ رێکخستنی کارەکانی هەیەتی:

١.تۆماری هاتوو و دەرچوو.

٢.تۆماری چالاکی و پرۆژەکان.

٣.تۆماری خۆبەخشەکان.

٤.تۆماری بۆدی ئەمینداریتی.

٥.تۆماری راوێژکاران.

٦.تۆماری کارمەندان.

٧.تۆماری تویژەر و پسپۆران.

## بەشی شەشەم

## حوکمە گشتییەکان

**مادەی هەشتەم:**

**یەکەم:** لەکاتی هەڵوەشانەوەی دامەزراوەکە بە هەر هۆیەک بێت، گشت سامانە گوازراوە و نەگوازراوەکان دەگوازرێتەوە بۆ دامەزراوەیەک بۆ رێکخراوێکی هاوئامانج، یان نزیک لەئامانجەکانی لەهەرێمی کوردستان، لەو پرۆسەیەشدا پێویستە دامەزراوە تۆمارێک بە هەموو ژمێرارییەکان و بنەچەکان و داهاتەکان بەپاکتاوکار بدات، بنەچەکانی یەکەم بۆ دانەوەی قەرزی موستەحەقی دامەزراوە دەبێت، ئەگەر هەیبێت و بنەچەکانی دیکەش بۆ موڵکیەتی دامەزراوە یان

ڕێکخراوی دیکە دەگوازرێتەوە.

**دووەم:** دامەزراوە مافی پێکهێنانی تۆڕ لەگەڵ دامەزراوە یا ڕێکخراوی تری تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان هەیە، بە مەرجێ ٥٠+١ ی دەستەی گشتی بڕیاریان دابێت.

**سێیەم:** بەبێ ڕەزامەندی ٥٠+١ دەستەی گشتی بۆ کەس نیە ناو و ناسناوی دامەزراوە بەکاربهێنێت.

**چوارەم:** خۆبەخشەکانی دامەزراوە، ئەو کەسانەن کە بە خۆبەخشی بە بەردەوامی یان لە قۆناغیکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی کارێک، یان چەند کارێک هاوکاری دامەزراوە دەکەن، مافی بەشداری کردنیان لە کۆنگرەی دەستەی گشتی و کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکانی دەستەی گشتی هەیە، بەمەرجێ ئەگەر پتر لە ٦ مانگ زیاتر بە خۆبەخشانە کاریان لەگەڵ دامەزراوە کردبێ و ناویان لە تۆماری خۆبەخشەکان هەبێت. بەمەش تەنها مافی (پێشنیار و دەنگدان و گەیاندنی باری سەرنجیان) هەیە، هەروەها دەشتوانن وەک ئەندامی چاودێر بەشداری لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکانی دەستەی گشتی بکەن، بەڵام ئەگەر بەر لە کۆنفرانس یان کۆبوونەوەی ئاسایی یان نائاسایی، بە ٢ مانگ زووتر بووبن بە ئەندام و لە تۆماری ئەندامان ناویان هەبێ، ئەوا لە کاتی بەستنی کۆنگرە و کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکانی دەستەی گشتی مافی (دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان) دەبێ.

**پێنجەم:** لایەنی بەخشەر (دۆنەر) و کۆمەڵەی پاڵپشتی بریتین لەو دامەزراوە و دەستە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییە هاوبەشانە، یان ئەوانەی خەرجی بەرنامەکانی دامەزراوە دابین دەکەن، هەروەها دامەزراوە جیاجیاکانی هەرێم کەهاوبەشی یان پاڵپشتی بەرنامەکانی دامەزراوە دەکەن، یان سوودمەندان لە بەرنامەکانی دامەزراوە. ئەمانە مافی پێشنیار و گەیاندنی باری سەرنجیان هەیە، دەتوانرێت وەک میوان و ئەندامی چاودێر لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکانی دەستەی گشتی دامەزراوە بەشداریان پێبکرێت.

**شەشەم:** کارمەندە گرێبەستەکان ئەو کەسانەن کەبەشێوەیەکی کاتی بە گرێبەست لە دامەزراوەدا کاردەکەن، مافی پێشنیار و گەیاندنی باری سەرنجیان هەیە، هەروەها دەتوانن وەک ئەندامی چاودێر لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکانی دەستەی گشتی دامەزراوە بەشداری بکەن، بەڵام ئەگەر بەر لە ٣ مانگ لە بەستنی کۆنفرانس یان کۆبوونەوە ئاسایی یان نائاساییەکانی دەستەی گشتی گرێبەستیان کردبێت و لەتۆمارەکاندا ناویان هەبێت، ئەوا مافی خۆپاڵاوتن و دەنگدانیان بۆ دەستەی گشتی دەبێت.

**حەوتەم:** کارو چالاکیەکانی ئەندامانی تۆمارکراو و خۆبەش و ڕاوێژکاران بێ بەرامبەرە، بەڵام تێچووی هاتوچۆ و پەیوەندییەکانیان بۆ قەرەبوو دەکرێتەوە.

**هەشتەم:** خۆبەخشەکان، کارمەندان، ڕاوێژکاران نابێت دژە بەرژەوەندی (Conflict of interest) لەگەڵ دامەزراوە هەبێت.

**نۆیەم:** چوار ساڵ جارێک دامەزراوە کۆنفرانسی گشتی خۆی ئەنجام دەدات، وێرای پێداچوونەوە ە پەیڕەو و پرۆگرام بۆ گونجاندنی لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا، هەڵبژاردنیش بۆ سەرۆکی دامەزراوە و دەستەی کارگێڕی دەکرێت.